وەزیری خوێندنی باڵا: بەردەوام دەبین لە سیاستی پەرپێدانی زانکۆکان و هەنگاونان بەرەو لامەرکەزییەت

ئەمڕۆ یەک شەممە "نەعیم عەبودی" وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند کە وەزارەت بەردەوامە لە سیاستی پەرپێدانی زانکۆکان و هەنگاونان بەرەو لامەرکەزییەت.

وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند- ئەمڕۆ یەکشەممە "نەعیم عبودی" وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ستافی پشکۆتووی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەرپێدانی سیاستی وەرگرتنی زانکۆ و هەنگاونان بەرەو لامەرکەزییەت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- ئامادەبووان گفتوگۆیانکرد لەسەر هەنگاوی جێبەجێکردنی پرسی بەڵێنیا لە کۆلیژەکانی ئەندازیاری و زانستیدا، هەروەها هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی بۆ پێوەرەکانی کوالیتی لەم بوارەدا .

هەروەک باس لە گرنگی و هەماهەنگی و هاوکاری بەردەوام کرا لەگەڵ یونسکۆ بۆ بەردەوامیدان لە ڕاخساندنی کەشوهەوای پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی و ئەکادیمی لەبواری جیاوازەکان.

هەروەک لە درێژەی بەیاننامەکەدا ئاوڕی خراوەتەروو :- کە لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پلانی خوێندنی دەرچووان بۆ ساڵی خوێندنی 2014-2025 کرا،و لەبواری نوێکردنەوەی پڕۆگرامەکانی خوێندن و مەتمانەی نێودەوڵەتی بۆ کۆلێژی پزیشکیەکان، و تەواوکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکان لە بەشەکانی وەزارەتدا، لەو

ڕوانگەیەشۆڵ جەختیشی لەوە کرایەوە کە هیچ بژاردەیەک نییە جگە لە سەرکەوتن لە ساڵی 2024 لە خوێندنی باڵا ، کە دەبێتە ساڵی دەستکەوت و بەدەستهێنانی نایاب لە ژینگەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدا.

هەر لەمیانی کەبونەوکەدا"ئەبودی " جەختی لەوە کردەوە کە وەزارەت بەردەوامە لە پەرەپێدانی ئەو ڕێگایانەی کە پەیوستە بە بەمەدەرنکردنی سیاستی وەرگرتن بەپێی دیدکی زانستیە،کە ڕێکارکان گەرەنتی ئەوە بکەن زانکەکان لە ماماڵەکردن لەگەڵ مەلەفی وەرگرتن تواناکانیان بەرز بکەنەوە لە کەلەژێ و بەشکانیان.